# فیدرالیەتی فرەنەتەوەیی و فیدرەسی و دەسەڵاتی هاوبەش و کوردی عێراق

ن: برێندان ئۆولێری*
و: هێرش خەلیل

لە نووسینی ئەم توێژینەوە سوود وەرگیراوە لە کاری هاوبەش لەگەڵ پرۆفیسۆر چۆن ماگ گاری (زانکۆی کوینی کەنەدا و، راپۆرتی ئینستیوتی ئاشتی ئەمەریکا، توێژەر (نوسەر) لە هەموو ناوەڕۆکە بەرپرسیارە.

ئایندەی عێراق مەسەلەیەکە تایبەت بەخەڵکانی عێراق بۆ بڕیاردان لەسەری لە ڕێگەی دانوستاندنەکان و راوێژکاریە دەستوورییەکان و پرۆسەکانی تەسدیقی خۆیان، ئەم دەربڕینە تەئکید دەکاتەوە خەڵکانی بیانی دەتوانن ئامۆژگاری پێشکەش بکەن، بەڵام خەڵکانی ناوەوەی عێراق بڕیار دەدەن، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە عێراق تەنها لەیەک جۆری خەڵک

پێکنەهاتوون، لەگەڵ ئەوەش خەڵکانی عێراق رازین بەوەی دەوڵەتێکی هاوبەش و بەهاولاتی بوونی هاوبەش دابمەزرێنن. ئەوەی خەڵکانی بیانی بگرە لە زانایانی رامیاری و پارێزەری دەستوری تا دەگاتە یاسا دروست کەران، دەکرێ بیروبۆچوون و پێشنیاری هاوشێوە و زانیاری سودبەخش پێشکەش بکەن کە بێتە یارمەتی دەر بۆ خەڵکانی ناوەوەی عێراق بۆ دیارکردن و روونکردنەوەی ستراتیجییەتەکانی دانوستاندن و پێش خستنی، ئەرکی ئێمە روونکردنەوەی پرۆپۆزەڵی پەسەندە نەوەک پێشنیارکردنی رێنماییەکانی خۆمان، هەروەها گرنگە ئێمە ئەوە دیار بکەین کە متمانەی پرۆفیشناڵ لەسەر دیزاینەکانی دەستوری و دەزگایی نییەو چۆن بەباشی کاردەکرێن، دووبارەی رێکخستنەوەو دارشتنەوەی دەستوری عێراق پێویستی هەیە بەگفتوگۆو دانوستاندن و راوێژکاری و هەروەها پێویستی هەیە بە پاراستنی راگرتنی مەسەلەکان بەتەواوەتی کە دەبێ لەناو دیزاینی دەستوریدا هەبێ بەهۆی هەبوونی نموونە دادگاکان، یاسادانەرەکان، رێکخراوەکان، سیستەمەکانی حیزبەکان و هەڵبژاردن، پاراستنەکانی مافی مرۆڤ، حکومەتی هەرێم، دەزگاکانی دارایی و خەزێنەو دەزگاو رێکخراوەکانی سەربازی و پۆلیس. ئەرکی من ئەوەیە کە بیروبۆچوونە واقیعیەکان دەربارەی بەفیدراڵی بوونی عێراق نوێ بخەمەروو، ئەنجامدانی ئەم کارە لە رێگەی بەرژەوەندییەکان و ناسنامە و رایەکانی کورد دەکرێت. من ئەنجامی دەدەم بەهۆی جیاکردنەوەی فیدراڵی فرە نەتەوەیی لە فیدراڵی نەتەوەیی و هەڵسەنگاندنی ئیجابیاتەکانیان. پاشان ئیجابیاتەکانی فیدراڵیەت باس دەکەم دەرچووی بیروبۆچوونەکانی خۆم و هەندێک کاری چاپنەکراوی دێڤید رەزقان.

فیدراڵی فەلسەفەیەکی سیاسیە کە حکومەتی خۆی و هاوبەش بەرز دەنرخێنێ. سیستەمە سیاسیەکانی فیدراڵی زنجیرەیەکی رێکخراوە سیاسیەکان ئەوانەی رەنگدانەوەی ئەم فەلسەفەیان، دەگرێتە خۆی، بگرە لەکۆنفیدراڵی، فیدراڵیەت، جۆری تایبەت یەکێتی فیدرەسی دەوڵەتەکانی یەکگرتوو، یەکبوونەکان تادەگاتە دەسەلاتەکانی سنوربرو یەکبوو،

یەکبوونەکان (یەکگرتنەکان) سیستەمێکی سیاسی فیدراڵی زۆر تایبەتە کە بۆ جاری یەکەم لە ساڵی ١٧٨٧ لە فیلادلفیا هاتەکایەوە لە یەکگرتنێکی واقیعی دا بەلایەنی کەم دوو یەکەی حکومی، بەدوو دارایی و خەزەنی دەستووری جیاواز بەڕێوە دەچن هەرچەندە لەوانەیە دەسەڵاتی هاوبەشیان هەبێ، هەردوو یەکەی حوکمڕانی فیدراڵ و هەرێمی راستەوخۆ دەسەڵاتیان پێ بەخشراوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هاووڵاتیەکان بکات، ئەوەی یەکگرتووەکان جیادەکاتەوە لە کۆنفیدراڵیەکان، هەروەها لە یەکگرتنەوەی دیموکراسیدا، هاووڵاتیان بەلایەنی کەم چەند پێکهاتەیەک لە هەردوو حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی هەڵدەبژێرن.

یەکگرتنەوەکان (یەکبوونەکان) بریتیە لەوەی کە دەسەڵاتی هەر حکومەتێک لەلایەن دەستورەوە دابین کراون نەوەک لە حکومەتێکی دیکە. لە دەوڵەتە یەکگرتووە راستەقینەییەکان، حکومەتی فیدراڵی ناتوانێ بەتاک لایەنی دابەش کردنی دەسەڵاتەکان بگۆڕێت؛ گۆڕانی دەستوری کە کاریگەری هەیە لەسەر دابەش بوونی دەسەڵاتە داراییەکان دەبێ رەزامەندی و پەسەندکردنی بەکۆی دەنگ لەلایەن چینەکانی هەردوو حکومەت ئەنجام دەدرێت.

کەواتە یەکگرتنەوەکان (دەوڵەتە فیدراڵیەکان) پێویستیان بدەستورێکی نوسراو و پوختە هەیە، و هەروەها دادگایەکی باڵای فیدراڵی پێویست بۆ پشتگیری کردنی دەستور و جیاکردنەوەی جیاوازییەکان لە نێوان چینە حکومیەکان. هەروەها پێویستیان هەیە بەدوو بەشی دەسەڵاتی یاسادانان لە پەرلەمان هەیە ئەوانیش، ئەنجومەنی هاووڵاتیان بەگشتی، و ئەوی دیکە ئەو ئەنجوومەنەی نوێنەرایەتی ئاینییەکان دەکات.

بەفراوانی فیدراڵیەکان جیاوازن، ئەمەش دەبێتە بەشی سەرەکی راڤەکردنی من بۆ پشنیارکردن بۆ کوردو عێراقییەکان، و بەدوورکەوتنی فیدراڵی ئەمەریکا شتێکی ناگونجا دەبێ لەبەر ئەوە نییە کە من ناحەزیم هەبێ بەرامبەر بە ووڵات و دەزگاکانی حکومی خۆم، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەڵام لەبەرئەوەی سانایە کە عێراقییەکان و کورد دەبێ سەیری جێگەی

دیکە بکەن بۆ ئیلهامەکان کە لەگەڵ بارودۆخەکانیان دەگونجێ فیدراڵیەکان لەیەک بۆیەکێکی دیکە دەگۆڕن، یەکەم لەڕووی ئەوەی کە کامیان زۆرینەین، هەموو فیدراڵیەکان هەندێ سنوور و قەید لەسەر دەسەڵاتەکانی فیدراڵی فراوانی زۆرینەکان، دادەنێن، بەڵام ئەنجامدانی ئەمەیان بەنمرەی جیاواز دەبێ بۆ نموونە ئەمریکاو ئوسترالیاو بەرازیل ڕێگە بەنوێنەرایەتی یەکسانی هەموو ئاینییەکانیان دەدەن لە ئەنجوومەنی پیرەکان. دەوڵەتی فیدراڵی زۆرینەی جەخت دەکاتە سەر دەسەڵاتی سیاسی لە ئاستی فیدراڵیدا و، ئاسانکاری بۆ هەیمەنەتی تەشریعی و تەنفیزی دەکات بەهۆی سەرۆکی پەسەندکراوی جەماوەر، یان بەهۆی سەرۆک وەزیران و کابینەی تاکە حیزبێک دەوڵەتی فیدراڵی زۆرینەی نییە تا ئەو رادەی کە ڕێکخستنەکانی دەسەڵاتی هاوبەشی تەنفیزی شامل بێت لە چینی فیدراڵی حکومەت؛ بنەما ڕێژەییەکانی نوێنەرایەتی تەرخان کردنی پیشە گشتییەکان و سەرچاوەکان بە دەزگاکردن دەکات و، میکانزمی هەیە وەک دەزگاکانی دارایی، دادگا، پرۆژەی مافەکان و دەسەڵاتە جیاجیاکان، ئەوانەی کە یەکسەر لە دەسەڵاتی حوکمڕانی فیدراڵی زۆرینە جیاکراو نەتەوە. لەسەر ئیختیاری ئەم دیزاینە، عێراقیەکان و کورد زۆر باش ئامۆژگاری دەکرێن کەوا خۆیان دوور بپارێزن لە دەوڵەتی فیدراڵی زۆرینەیی بەهێز، کورد لەدەست کەمینەیی لە عێراق و، حوکمکردنی بەهۆی تۆمارە مێژووییەکان لە کردەوەکانی دژە کورد، ناڵاندوویەتی و دەبێتە دۆڕاوێک و زەرەرمەندێکی هەتاهەتایە لە هاتنەکایەی فیدراڵی زۆرینەیی بەهێز، ئەوەی کە زۆرینەی عارەب و شیعە تێیدا هەڕەشە لە پێناسەی زمان و نەتەوایەتی و کەلتوری کورد دەکات، هەروەها هەڕەشە لە بەرژەوەندییە هەرێمایەتی و داراییەکانی کورد دەکات، عێراقیە سوننەکانیش بەرژەوەندییان هەیە لە تەقیدکردن و سنوردانان بۆ دەسەڵاتی فیدراڵی زۆرینە، ئەوەی لەوانەیە ببێتە شتێکی خراپ بۆ بەرژەوەندی ئایینی و بەرژەوەندییەکانی دیکە، شیعەکان لەوانەیە زۆر ووروژاوبن بەسیستەمی سیاسی زۆرینەیی، بەڵام لەوانەیە کەمتر هاوچەشن بن لەوەی کە هەندێکیان ئاواتەخوازن و هەندێکیش دەترسن

لە بەدەست هێنانی جیاوازییەکانی نێوانیان لە ئاییندا و، دڵ تێچوونەکان بەرامبەر ئیران و وولاتانی دیکەی دراوسێ. هەرچەندە شیعە بەهاوچەشنی زیاتر کاربکات و بجولێتەوە، ئەوا ئەگەری بەهێز هەیە کە هاوپەیمانێتی کەمینەکان دێتەکایەوە لە دژی شیعەکان.

دووەم، فیدراڵی لە یەکێک بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە بەروون و ئاشکرا لە دابەشکردنی دەسەلات لەناو حکومەتی فیدراڵ. هەندێک ئەنجومەنی دووەم (ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی ئایینی) زۆر بەهێز دروست دەکات. ئەنجوومەنی پیران لە ئەمەریکا بەهێزو تواناترە لە ئەنجومەنی نوێنەرەکان لەبەر دەسەلاتە تایبەتییەکانی لەسەر هەڵبژاردن و دیارکردنی ئۆفیسی گشتی، و لەسەر ئەنجامدانی پەیماننامە، ئەنجوومەنی دووەم لە وولاتانی دیکەی وەک کەنەدا هیندستان و بەلجیکا زۆر لاوازە هەندێک ئەنجومەنی تەنفیزیان بەجیاواز هەڵبژاردووە، هەندێک ئەنجوومەنی تەنفیزیان هەڵبژێردراون لەلایەن ئەنجوومەنی یەکەمی فیدراڵی و، هەردوو تەنفیزی تاکەکەس و تەنفیزی بەکۆمەڵ هەن.

سێیەم، فیدراڵی لە یەکێک بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێ و جیاوازە لە دابەشکردنی توانای سەرچاوە داراییەکان لە نێوان فیدراڵ و حکومەتی هەرێمیدا. لە هەندێ فیدراڵیەتەکاندا، دەسەلاتەکانی حکومەتی فیدراڵ لە دەستووردا دیارکراون و سنووریان بۆ دانراوە.

لە نموونەی ئەڵمانیادا، حکومەتی فیدالی سیاسەت و یاسایەکی فراوان ئەنجام دەدات، کەچی ئیدارەو تەنفیزکردن لەژێر دەستی حکومەتی «لوندەر»دایە، هەردوو چینەکان دەسەلاتدار دەکات بەتوانایەکی دیارو دەسەلاتی بلۆک کراو.

لە هەموو فیدراڵیەکان دابەشکردنی توانای سەرچاوەی دارایی لە دەستور لەوانەیە هەمیشە ڕێنیشاندەرێکی دروست نەبێ بۆ ئەنجامدانی سیاسەتی ئۆتۆنۆمی ئازادی جولانەوەی ئەنجامدراو لەلایەن چینە جیاوازەکان، سەرچاوە سەرەکیەکانی دارایی و سیاسی هەر چینێک وانەیە ڕێگەی پێبدات بۆ لاوازکردنی تواناکانی چینەکەی دیکە، هەروەک لە ئەمەریکا کە بەرزی و دەرکەوتنی حکومەتی فیدراڵ ئێستا دامەزراوە.

لەسەر دابەشكردنی تواناكانی سەرچاوەی دارایی، پێشبینی كردنی باشیەكان و بەباشزانراوەكانی لەنێو سەركردە نوێنەرەكانی زۆرینەی نەژادی ئایین لە عێراق زۆر زەحمەت نییە.

بەدرێژایی مێژووی چەوساندنەوە لە ژێر دەستی حكومەتەكانی بەغدا بەعسیەكان و ئەوانەی پێشوتریش، زۆر زەحمەتە كە كورد رازیبن بەحكومەتێكی فیدراڵ بەهێز[١٢] كورد ئۆتۆنۆمی تەواوی واقیعی محلیان دەوێ لە ئەنجامدانی سیاسەت و یاسادا، عەرەبە سونیەكان لەوانەیە هێشتا كەلتوری سیاسی بپارێزن كە بۆ حكومەتی مەركەزی بەهێز باشە، بەڵام ئەمە رووناداتە لەبەرئەوەی دەترسن كەوا لە خەڵكانی دیكە دەتوانن هێزی حكومەتی مەركەزی بەكاربهێنن لە دژیاندا. هەندێ لە شیعەكان بە پێچەوانەوە، زۆر وروژاوی دروستكردنی حكومەتێكی فیدراڵی بەهێز بن یان بە سانایی بڵێن حكومەتێكی مەركەزی بەهێز.

***

ئەگەر دروستكەرانی عێراقی نوێ بڕیار بدەن بەدروستكردنی حكومەتێكی فیدراڵی، پاشان هەرچی دابەشكردنی تواناكانی سەرچاوەی داراییە لە نێوان حكومەتی داهاتووی فیدراڵی و هەرێمەكانی داهاتوودا، ئیختیارێكی حاسم دەبێت كە ئایا ئەم فیدراڵیە تاكە نەتەوەیی دەبێ یان فرە نەتەوەیی دەبێت.

فیدراڵی نەتەوەیی یان فیدراڵی تاكە نەتەوەیی چاو دەبڕێتە هاوسەنگی نەتەوایەتی بۆ لەناوبردنی نەتەوایەتی ناوخۆیی و هەروەها جیاوازیە نەژادییەكان لە درێژخایەن بوونەوەی بەدیاركەوتنی سیاسی. ئامانجی فیدراڵیە نەتەوایەتییەكان بریتییە لە دروستكردنی نەتەوە.

فیدراڵیەكانی ئەمەریكای لاتینی مەكسیك، ئەرجەنتین، بەرازیل و فەنزویلا لە مێژووی جیاوازیاندا جۆری فیدراڵیەتی ئەمریكایان گرتۆتەبەرو بەدوای دەڕۆن، ئەڵمانیا، نەمسا، ئوستراليا، مالیزیاو ئیماراتی عەرەب هەمووی فیدراڵی نەتەوەیین، فیدراڵە

نەتەوەییەکان وای بۆ دەچن کە یەک نەتەوەو یەک فیدراڵیەت بەسەرکەوتوویی لێک دەدرێن وسەردەکەون تێدا.

فیدراڵە سەرەتاییەکانی پێشوو لەوەی کە بوو بە هۆڵەندا، ئەڵمانی قسەکەرەکانی سویسرا، ئەمریکاو ریچی دووەمی ئەڵمانیا هەمووی نەتەوەیی بوون، وەزیفەی سەرەکی فیدراڵیەکانیان بریتی بوو لە یەکگرتنەوەو یەکێتی ئەو خەڵکانەی لە یەکەی سیاسی جیاوازدا دەژین و ئەوانەی هاوبەش نین لە زمان و لە کەلتووردا ئەوەیان پاراست کە فیدراڵیەت زەرووربووە بۆ دابینکردنی بەرگری و پەیوەندییە دەرەکیەکانی یەکگرتوو.

رۆشنبیرانی بەپەروەردە ئەمەریکی و رۆشنبیرانی ئەمەریکا، زاناکانی سیاسی و پارێزەرانی دەستوری هەمیشە پێشنیاری فیدراڵی نەتەوەیی دەکەن بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا فرە نەژادەکانی دوای داگیرکردن و دوای کۆمۆنیزم، لەراستیدا، مەیلێکی دیاریان هەیە دژی فیدراڵیەتی فرە نەتەوەیی، پێیان وایە کە دەبێتە هۆی دابەش بوون و جیابوونەوە و، لەوانەیە هەرەس بێنێ لە ئەنجامی جیابوونەوەی دا. دروستکەرانی نەتەوەیی ئەمەریکا زۆر هۆشداربوون لە سەفەری گروپەکان و جەخت کردنە سەر لە پێدانی هەرێمی تایبەت بە خەڵکانێک لە ترس ئەوەی ئەم پێدانە بەرز بێتەوە بۆ داواکاری نەژادی بۆ حکومەتی خۆیی (زاتی).

مسۆگەریەکانی خاکی گشتی رەتکرانەوە بۆ گروپە نەژادییەکان بەخۆیان بۆ چاککردنی پارچە پارچەییەکانیان بۆیە فیدراڵی ئەمەریکا لە ووشەکانی یەک لە شرۆڤەکاراندا، دیار دەکات کە «کەمی هاوسەنگی نێوان گروپە نەژادییەکان و سنوردانانەکانی دەوڵەت» هەروەها زیاتر روونتر دەبێت ئەگەر بگوترێ تاکە هاوسەنگی هەیە لە نێوان زۆرینەی سپی پێستەکان و سنوورەکانی دانراو لە لایەن دەوڵەت کە ئەمەش هاوسەنگی نییە. فیدراڵی نەتەوایەتی وەک ستراتیژیەتێک بۆ گەشەسەندن و یەکگرتن، یارمەتی دەربوو بۆ هاوسەنگی

و توانەوەی سپی پێسەکان.

ئاهەنگی هاوسەنگی خەڵکانی دروستکەری فیدراڵی روون و دیاربوو لە پیرۆزی ئێستادا. لە ووشەکانی جۆن جەی «خودا زۆر خۆشحاڵبوو بەوەی کە ئەم یەک وولاتە بدات بەیەک خەڵکی یەکگرتوو، ئەو خەڵکەی لەیەک گەورە باپیران و پاشکەوتوون، بەیەک زمان قسە دەکەن، ئیمانیان هەیە بەیەک ئایین، بەهەمان بنەماکانی حکومەت پابەندن، زۆر لێک دەچن لە هەڵسوکەوتیان و لە عاداتیان، ئەو خەڵکەی بەهۆی راوێژکاری و هێزو توانا هاوبەشەکانیان جەنگانی شانبەشانی یەکتر بەدرێژایی شەڕی درێژو خوێناوی، بەشەرەفەوە ئازادی و سەربەخۆییان دامەزراند».

زانیارییەکی کەمی مێژوویی پێویستە تابتواندرێ گفتوگۆ بکرێ کەوا کەس ناتوانێ بەئاشکرایی و بەمەعقولی تێبینییەکانی (جۆن جەی) بەرەو پێش ببات لە ماوەی دروستکردن و داڕێشتنی دەستووری نوێی عێراق، عێراق لە نەخشەدا بەیەکەوە لکێندراوە، بەڵام خەڵکانی یەکگرتووی نەبووە، واتە ئەو خەڵکەی خۆیان بەوە پاش کەوتووی هەمان باپیران، بەیەک زمان قسە دەکەن یان ئەوانەی ئیمانیان هەیە بەیەک (بەهەمان) ئایین، سەرەرای ئەمانە، ئیسلام پارچەپارچەی کردوون هەروەک چۆن یەکی خستون، ئەم خەڵکانە نە بەرێگەی هاویەشدا دەڕۆن نە ئەم رێگەیە دەپارێزن و نە بەئەزموونی توانەوەیی و ئەزموونی سەفەر یەکتریان گرتووە، راوێژکاری و هێزو توانای هاوبەشیان نییە بۆ جەنگان شانبەشانی یەکتر بۆ ئازادی نەتەوایەتی.

بەپێچەوانەوە، تەنها کورد شانبەشانی هێزە هاوپەیمانەکان شەڕیان کرد، شیعەکان نارازیبوون بۆ راپەڕین، و هەروەها سوننە بەعسیەکان تاکو ئەمڕۆ دژی هێزە هاوپەیمانەکان شەڕ دەکەن. راستە کە زۆر لە عارەبەکانی عێراق، بەشیعەو سوننیەکانەوە، شان بەشانی یەکتر لە جەنگی درێژخایەن و خوێناوی سەدام حوسێن شەڕیان کرد دژی ئێران، ئەم

جەنگەش ئەوەی سەڵماند کە بۆ زۆربەیان نەژاد بەئایین فودرابوو، بەڵام هەندێ لە شیعەکان لەگەڵ ئێرانیەکان بوون، و زۆربەیان لەبەرەی پێشەوەی بوون بەزۆرەملێیی نەوەک بەهەوەسی خۆیان.

بێ ئابڕوانە لە ماوەی ئەم جەنگە درێژخایەن و خوێناویەدا، سەدام حوسێن قەسابخانەی جینۆسایدی بۆ کورد دانا، ئەو خەڵکە بێ تاوانەی بێ ئاگابوون و خەڵکی وڵاتی خۆی بوون هەروەها دواتر قەسابخانەی بنبڕکردنی شیعەکانی زۆنگاوەکانی عەرەبی ئەنجامدا.

شتێکی گرنگە ئەم بەراوردە بنەڕەتیانە لە خاڵەکانی دەست پێکردنی مێژووی ئەنجام بدرێت بۆ تەقدیکردنی ئەم نەگونجانەی فیدراڵیەتی ئەمریکا وەک نموونەیەک بۆ داهاتووی عێراق.

هیچ هاوشێوەیەک نییە بۆ هاوسەنگی خەڵکان دروستکەر (بنیات نەر) کە خودا پیرۆزی کردبێ یان نا. شیعەکان توانایان هەیە ببن بەستاتسقۆلک لە عێراق، ئەمەش خەڵکی دیارن لە کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت، بەڵام بەتەواوەتی ئەم خەڵکە لەسەدا شەستی زیاتر لە پێکهاتەی عێراق پێکناهێنن، لە نێوانی ئەواندا عەرەبە سوننیەکان، کوردو ئەوانی دیکە هێزو توانایان هەیە بەرەنگاری هەر پرۆژەیەکی توانەوەی بەهێز ببنەوە کە شیعە هەوڵی بۆ بدات، و بەبلۆککردنی ئەم جۆرە پرۆژە لەلایەن کورد و عەرەبە سوننیەکان و ئەوانی دیکە یەکدەگرنەوەو یەکگرتوو دەبن، و هەروەها پێناچێت کەوا هێزە هاوپەیمانەکان بیانەوێ تەواوی عێراق لە ژێر کۆنترۆڵ وسەرکردایەتی تاک لایەنەی شیعەکان بێ، چاودێری بکەن بەر لەوەی ئەم وڵاتە جێ بهێڵن.

بەڵام تەنها جیاکردنەوەی دیموکراتی، نەژادی و، ئایینی دانیشتوانی عێراق نییە کە دژی ویستەکانی ئەو کەسانەیە دەیانەوێ بەرگری لە فیدراڵی نەتەوەیی بکەن، کەچی دابەش بوونی جوگرافی عێراق کە ئەگەر زانیارییەکان لەسەر ئەم مەسەلەیە باوەڕی پێ بکرێت،

هەروەهادژی ئەم فکرەیە نیشان دەدات.

ئەمە بێگومان پراکتیکییە کە چەند هەرێمێک هەبێ و شیعە زۆرینەی ئەم وولاتە بێ. لەراستیدا زۆر پراکتیکانە نییە کە سنووری ئەو هەرێمانەی شیعە تیایاندا زۆرینە نییە، دیاربکرێن. بەڵام شتێکی زۆر زەحمەت و گێلەشێوێنی پارچەکردنی دەبێ ئەگەر سنوورەکانی هەرێمی کوردی یان کۆمەڵگەی سوننی دیاریکرێت بۆ پاراستنیان لە بونیان بەزۆرینەی هەرێمەکان لەهەر شوێنێکی عێراق بێ.

لە حاڵەتێک ئەمە روودات بۆ کورد، ئەم ستراتیژیەتە دەخوازێ جیابوونەوەی حکومەتی هەرێمی دی فاکتۆ و دەسەڵاتی یاسایی و دانیشتوانەکانی دیکەی غەیرە کوردی و ناوچەکان بۆ هەریەکەیەکی نوێ ئەنجام بدرێت.

ئەم جۆرە دیزاینەی بنەماکان بێگومان کورد بەرەو رووی ململانێی چەکداری لەگەڵ پارچەکانی دیکەی عێراق دەبێتەوە. هیچ خەڵکانێکی نەتەوەیی لە مێژووی هاوچەرخدا رازی نین یان بەئاشتی قبوڵیان نییە وولاتەکەیان جیابوونەوەی تێدا ئەنجام بدرێت، ئێمە دەبێ بێنینەوە یادمان کە کورد جەنگاوە تاوەکو خاکی خۆی بەدەست هێناوەتەوەو کۆنترۆڵی کردووەتەوە. بۆ عەرەبە سوننەکان، تەنها یەک گومان هەیە کە بۆچی بەعس هەر لە نێوانیاندا جێگیرە، ئەویش ئەو ترسە بەربڵاوەیە لە نێوانیاندا کەوا شیعەکان دیکتاتۆریەتێکی زۆرینەیی پێکدێنن. بەکورتی پلانی دیزاین کردنی سنورەکانی هەرێمایەتی و ناوچەکانی فیدراڵی نوێی عێراق بۆ پاراستنی کورد یان سوننی لە هەبوونی هەرێمی خۆیان کە هەریەکەیان لە هەرێمی خۆی بەدیموگرافی و بەهەڵبژاردن گروپی زۆرینەن، باشترە لە پلانی خۆپاراستنی کە ببێتە ململانێ.

بەئەسەفەوە ئەم بیروبۆچوونانە پشگوێ خراون لەلایەن ئەو کەسانەی گفتوگۆ دەکەن و دەڵێن فیدراڵی نوێی عێراق دەبێ لەسەر ئەساسی هەژدە پارێزگاکانی عێراقی بەعسی

دروست بکرێت.

یەکێ لە زاناکانی سیاسی ویستی بسەلمێنێ کە سنوری هەرێمەکان دەبێ دیاربکرێت بۆ پاراستنی هەر سێ کۆمەڵگای سەرەکی، کورد، عەرەبی سوننەو عەرەبی شیعە، لە هەبوونی کۆنترۆڵی گشتی ناوخۆی عێراق ئەم بیرکردنەوەیە سەری هەڵداوە نەریتێکی سەنگینە کە دەگەڕێتەوە بۆ جەیمس مادیسۆن و لە زەمەنی ئێستاماندا لکێندراوە بەدۆناڵد هۆرۆویتز.

باوەڕی بنەڕەتی ئەوەیە کە دەبێ فیدراڵیەت لەسەر ئەساسی بەڵانسی بنەماکانی دەسەڵات بەهۆی دیزاین کردنی هەرێمەکان بەبێ نسبەی زۆرینەی هیچ هەڵەیەک لە بنەمادا نییە بە بەرگریکردنی ئەم دیزاینە، بەڵام هیچ پێشبینییەکی نییە لەسەرکەوتن لەناو عێراق. بۆ دیزاین کردن یان کێشانی سنوورەکانی هەرێمایەتی بەدرێژایی هێڵەکان، ئەوا خزمەتگوزاری هێزی چەکداری هێزەکانی هاوپەیمانان یان هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی پێویستە تاوەکو ئەنجام بدرێت. هەروەها تێگەیشتن لەم مەسەلەیە زەحمەتە کە چۆن ئەم بیرکردنەوەیە دەخرێتە بەرباس وەک گونجاو بەر لە سەرژمێرییەکی نوێ، ئەگەر بزاندرایە کە سەرژمێری بڕیاری کێشانی ئەم سنوورە نوێیانە بدات کە دەبێتە هۆی هێنانە کایەوە ووروژاندن بۆ دەرکردنی کەمینیە دیارەکان.

***

بەرگریکەرانی فیدراڵیەتی فرە نەتەوەیی چەند ئامانجێکی جیاوازیان هەیە؛ داوای یەکگرتنی خەڵک دەکەن ئەوانەی سودەکانی یەکەی سیاسی هاوبەش داوا دەکەن، بەڵام لە ئەسڵ و نەسب و زمان و کەلتور لێک جیاوازن داوا دەکەن بەلایەنی کەم دوو کەلتوری نەتەوەیی بەدەزگا بکەن و دەربڕن و لەسەر بنچینەیەکی مەتین و بەردەوام.

فیدراڵیەتی فرە نەتەوەیی دەبێ پارێزگاری لە دوو نەتەوە یان زیاتر بکات و مەیل و ڕێکخستنی یەکخەرو توانەوەی بەهێزی کەسانی فیدراڵی نەتەوەیی رەتدەکاتەوە. کە سانی

فیدراڵی فرەنەتەوەیی باوەڕیان وایە کە مومکینە بۆ هاووڵاتیانی ئەم فیدراڵیەتە وەفاداری دوولایەنی یان مردن وەفاداریان هەبێ بۆ نموونە وەفاداری روحی نیشتمانپەروەری بۆ فیدراڵیەت و وەفاداری نەتەوەیی بۆ خاکی هەرێمی خۆیان خەڵکانی ئەم فیدراڵیەتە پێیان وایە کە گریمانەکردنی پێشینە چ ئەو فیدراڵیەتە فرەنەتەوەییە دەبێتە هۆی پێشێلکردنی مافەکان و بەرژەوەندییەکان و پێناسەی کەمینیەکان هەرێم، یانیش کە ئەو کەسانەی فیدراڵی فرەنەتەوەیی وادەکەن کە بەزەرووری جیاخوازەکان سەربکەون، فیدراڵی فرەنەتەوەیی بەرگری لێکراون لەناو نەریتەکانی مارکس و لیبراڵ و بەدواکەوتنێکی گرنگی هەیە لەناو ئەکادیمای ئەنگلۆفۆن، بەهەردوو جۆری خەڵکەوە، ئەوانەی وا دەبینن فیدراڵیەتەکان وەک وەسیلەکان بۆ راگرتنی خەڵک پێکەوە، هەروەها ئەو کەسانەش کە جەخت دەکەنەوە لەسەر لایەنە باشەکانی ئۆتۆنۆمی هەرێمی بۆ نەتەوە کەمینیە مێژووییەکان. فیدراڵی فرەنەتەوەیی دەتوانرێ ئەنجام بدرێ و کاری پێبکرێت. سویسراو کەنەدا لە ساڵی ١٨٤٨ تا ١٨٦٧ بەردەوام بوون لەم شێوازەدا.

فیدراڵیەتەکانی فرە نەەوەیی و فرە نەژادی سەرنەکەوتن لەوەی بەدیموکراسی بمێننەوە بەدرێژایی دونیای کۆمۆنیستی و دوای کۆمۆنیسیتی (یۆغسلافیا، چیکسلۆفاکیا و یەکێتی سۆڤیەت؛ و ئەسوبیا)، هەروەها سەرنەکەوتن لە جیهانی دوای داگیرکردن، لە نیمچە بیابانی ئەفریقا، باشوری ئاسیاو، کەنارەکانی کاریبی لە جیهانی عارەبی ئیماراتی عەرەبی تاکە فیدراڵیەتە کە دوای داگیرکردن بەردەوامە لە ژیان، ئەمە فیدراڵی نەتەوەییە و زەحمەتە نموونەی دیموکراسی بێت.

هەرەس هێنانەکانی ئەم فیدراڵیەتانە زۆر بنچینەی هاوبەشیان هەیە ئەوەی کە ئەندازیاری عێراقی نوێ دەبێ باش لەبەرچاوی خۆی دایان بنێت.

جۆن ماکەگاری و من بێنج بنچینە ئەوانەی رێگەخۆشەکەرو ئاسانکاربوون بۆ هەرەس

هێنانی فیدراڵیەتەکانی فرە نەتەوەیی، دیاردەکەین.

١- زۆرەملێی: هەمیشە ئیجبارکرابوون پێکەوە زیاتر لەوەی بگەن بەدەرئەنجامی ڕێکەوتنەکان، بۆ نموونە کۆمارە پێکهاتەکانی یەکێتی سۆڤیەت.

٢- فاشیزم: دیموکراسی نەبوون بۆ زۆربەی مێژووەکانیان، و کاتێک زۆربەی ئەم فیدراڵیەتانە بە دیموکراسی بوون بووە، دروست بوونی هەل و دەزگاکانی بۆ ڕوودانی جیابوونەوە بۆ نموونە؛ جیابوونەوەی بەنگلادیش لە پاکستان جیابوونەوەی سلۆڤینیا و کرواتیا لە یوغسلافیا.

٣- خراپەکاری دەرفەت بەنەتەوە بچووکەکان ئەم فیدراڵیەتانە سەرنەکەوتن و شکستیان هێنا لەوەی بتوانن ناکۆکی و ناخۆشی نێوان نەتەوە گەورەو زۆرینەکان و نەتەوە بچووکەکان چارەسەر بکەن. بۆ نموونە نێوان مالایا و چینییەکان.

٤- ململانێی دابەشکراو: فیدراڵیەتە فرە نەتەوەییەکان نەیانتوانی و شکستیان هێنا کە پارێزگاری لە ئابووری دابەشکراو و هاوکێشەی دووبارە دابەشکراو سەبارەت بەسیاسەتی ئابووری، باج، قازانجی هاوبەش و خەرجییە گشتییەکان ئەوانەی بەفراوانی حیساب کرابوون وەک واستییەک بۆ نموونە: چیکسلوفاکیا.

٥- مەرکەزیەت کردنی شۆڕشەکان، ئینقلاب و مانۆڤەر: شکست هێنان و سەرنەکەوتن هەردەم پێش هەوڵە فاشیستەکان بۆ بەمەرکەزییەتکردنی فیدراڵیەتەکان دەکەون، بۆ نموونە: کردەوەکانی سیاسەتمەدارەکانی سربیا لە یوگسلافیا.

واتای ناوەڕۆکەکانی ئەم چاوپێخشانە بەپەلەیەی شکستەکان و هەرەس هێنانەکانی فیدراڵیەتی فرەنەتەوەیی بۆ عێراق ڕوون و ئاشکرایە، مەرجەکانی سەرکەوتنی فیدراڵیەت بریتین لە: یەکەم، دەبێ فیدراڵیەت پەیماننامەیەکی ئیختیاری بێت و نەک فەرزکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان یان ئەمەریکا نەبێت. فیدراڵیەت دەبێ پەسند بکرێت، لەلایەن

یەکەکانییەوە، بۆ کورد دەبێ ریفراندۆم ئەنجام بدەن لە یەکەی خۆیان بۆ پەسندکردنی هەر دەستورێکی سەربەخۆی دانوستاندن کرابێت لەسەری کاری دروست کردنی هاوکاری بۆ چاککردن و بەرزراگرتنی نەریتەکانی داهاتووی نیشتەجێی.

دووەم، فیدراڵیەت دەبێ دیموکراسی بێت، و پڕ بێت لە دەزگاکانی دیموکراسی لیبرالی، تەواوی دەنگی لاوان، لە پێشبڕکێی هەڵبژاردنەکان، لە ئازادی بۆ پارتە سیاسیەکان و لە گروپەکانی بەرژەوەندی بۆ بزوتنەوە، دەستورێک لەگەڵ رۆڵی یاسا تێیدا بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بۆ میدیای ئازاد.

سێیەم پەیوەندییەکانی بیناکەر لەسەر ئەساسی ئیعترافی هاوبەش دەبێ بنیات بکرێ لە نێوان هەر سێ کۆمەڵگاکانی ئایینی و نەتەوەیی، کورد، سوننە و شیعە، هەروەها نەتەوە کەمینییەکانیش وەک تورکمان، مەسیحی و ئەوانی دیکە.

چوارەم: رێکەوتنە مەتین و گونجاوەکان دەبێ بنیات بکرێن لەسەر ئەساسی هاوبەش لەسەرچاوە سروشتییەکانی عێراق.

لەکۆتاییدا، دەبێ پشکنینی دەستوری گرنگ و بەرچاو هەبێ و هەندێ میکانیزمی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی هەبێ کە کۆتایی بەهەوڵەکانی داهاتوو بۆ بەمەرکەزیەت کردنی فیدراڵ دەهێنێت، بۆ نموونە دەبێ میکانیزمێک هەبێ بۆ پاراستنی کورد دەبێ حوکمڕانی هاوپەیمان بێ لە بەشەکانی دیکەی عێراق لە داهاتوودا هەوڵ بدەن بۆ بەلاوەنانی حاڵەتی نوێی بەدەست هاتووی دەستوری کوردستان.

پشکنینی هەرەسەکان و شکستەکانی سەدەی بیستەمی فیدراڵیەتەکانی فرە نەتەوەیی، تاکە رێگە نییە تاوەکو بیر لەم مەسەلانە بکرێتەوە. فیدراڵیەتی فرەنەتەوەیی دیموکراسی گەورە کە هێشتا هەر ماون، بەلجیکا، کەنەدا، هیندستان و سویسرا، مێژوو ، دامودەزگاو پراکتیزەکردنەکان کە بەجیاوازی یان پێکەوە راڤەی بەهێزیی و مەتینی رێژەیی خۆیان بکەن.

١- فیدرالّیەتە فرەنەوەییەکان زۆر باش سوود وەردەگرن لە هەبوونی یەک گروپی گەورە، ستانسقۆلک. هەموو شتەکانی دیکە یەکسان بێ ستانسقۆلک هەست بەئارامی و ئەمان دەکات ولەگەڵ نرخی فیدرالّیەتی فرەنەتەوەییدا دەژیت. هەردوو دەسەڵاتی پراکتیکی بۆ بەرگریکردن لە جیابوونەوە و توانای بوون لێهاتوو بۆ راگرتنی جیابوونەوەی هەیە.

٢- بەپێچەوانەوە، ئەو فیدرالّیەتە فرەنەتەوەییەی ستانسقولکی نەبێ، ئەگەر بژین وەک پێکهاتە کە دیموکراسی و مەتینی، ئەوا دەبێ پراتیز کردنی دەسەڵاتی هاوبەشی نێوکۆمەڵگا لە حکومەتی فیدراڵی هەبێ.

ئەم پراکتیزە کردنانە دەبێ بەلایەنی کەمەوە بەرژەوەنییەکانی هەمووکۆمەڵگا نەتەوەیی، نەژادەی و نەژاد ئاینییەکان لە خۆ بگرێت و بەهەبوونی توانای لە دەست دانی ئەندامەکان.

لە مەرجی یەکەم و لە مەرجی دووەم کافی نییە بۆ تەئکیدکردن و مسۆگەرکردنی بەردەوامی ژیانی فیدرالّیەتی فرەنەتەوەیی دیموکراسی بەلاّم حوکم کردن بە کۆماری سەدەی بیستەم هەبوونی یەکێ لەم مەرجانە زەروریە بۆ هێشتنەوەی فیدرالّیەتەکات.

٣- فیدرالّیەکان سەقامگیر دەبێ ئەگەر دەستێوەردەرانی دراوسێیان نەبێ.

٤- فیدرالّیی فرەنەتەوەیی راستەقینە دیموکرسی دەبێت. ڕێکخستن و گونجاندنەکانی دیموکراسی ڕێگە بەنوێنەرانی کۆمەڵگا نەتەوەیی، نەژادی و نەژاد ئاینییەکان دەدات دایلۆگ و مامەڵەی کراوە لەگەڵ یەکتردا ئەنجام بدەن کە دەبێتە ئاسانکاری بۆ گەشەپێدان و پێشکەوتنی هاوکاریە سیاسیەکان.

ڕێکخستن و ئامادەباشیە دیموکراسیە لیبرالّیەکان کە مافەکان تاک دەپارێزن و ڕێکخراوی گشتی لە کۆمەڵگا مەدەنی خزمەتی پشکنینی سەر ڕێچیەکان و تاوانەکانی

دژی ئەم کۆمەڵگایانە. ئەو فیدراڵیەی پارێزگاری دەکات لە هاوکاریە گشتییەکانی پێکهاتەکان وادەکا کۆمەڵگاکان هەست بەئارامی و ئەمان بکەن و لە ئەنجامدا ئاسانکاری دەکا لە سەرهەڵدانی هاوکاری نێوان نەژادەکان و ئایینیەکان.

٥- فیدراڵییە عادلەکان گەشەدەکات لەوانەیە زیاتر بمێننەوەو بەردەوام لەوانەی کە عادل ئین بۆنموونە هەڵەیە ئەگەر جەخت بکرێت کە ازدهار (گەشەسەندن) مەرجێکی دەستپێکردنی زەروریی سەرکەوتنی فیدراڵی فرەنەتەوەییەکان؛ سویسرا، کەنەدا، و هیندستان بەزەنگینی دەستیان پێنەکردوو هێشتا دوور؛ کە دەوڵەمەندبێت.

کارپێکردنوو گونجاندنی ئەم خاڵانەی سەرەوە بۆ ئایندەی عێراق، ئێستا لەوانەیە بەکورتی نەخشەی بۆ دانرابێت.

یەکەم: عێراق ستاتسقولکی هەیە، عەرەبە شیعەکان ئەوانەی بەدیمۆگرافی بەهێز بووینە بەگەڕانەوەی دەرکراوەکان و پەناهەندەکان، بەڵام چەندەها فاکتەر کاریگەریان هەیە دژی بەرجەستەکردنی ئەم گەشەسەندنە. خەڵکانێکی باڵا نەبوونە لەمێژووی ئەم دەوڵەتە و پێناچێت هاوسەنگی سیاسیان هەبێت. لەت لەت بوونی ئایینی و علمانیان لە نێوان خۆیاندا هەیە و، لەت بوون جیاوازی نێو ئایینیان هەیە، هەروەها چەندەها چینی جیاوازیان هەیە. زۆرینەی چالاکی شیعە گەرەنتی بۆ بەرگری و بەرهەڵستکاری درێژخایەنی عەرەب سوننیەکان کە تەنها سیاسی نابێت. عەرەبە سوننیەکانیش، بەهۆی باڵایی رابردوویان، سەرچاوەی زیاتریان هەیە لە رکابەرەکانیان.

دووەم: ئەگەر بەڵگەیەکی زۆردار نەبێ کە شیعە ستانسقۆلک پێک دەهێنن و توێژەکەمان پێشنیار دەکات کە هاوبەشی دەسەڵات لەمەرکەزو ئۆتۆنۆمی لەناو هەرێمەکان زۆر پێویست دەبن بۆ پاراستنی فیدراڵی. فیدراڵی هەردوو حوکمڕانی هاوبەش و حوکمڕانی خۆی (زاتی) دەگرێتە خۆی، لابردن و دوورخستنەوەی کۆمەڵگای ئایینی، یان نەتەوەیی یان

نەژادی لە نوێنەرایەتی کردن و دەسەڵات لە مەرکەزیەتدا ئەوا بێگومان ڕێگەیەکە بەرەو ناکۆکی و ململانێ و جیابوونەوە.

فیدراڵیە فرەنەتەوەییە دیموکراسیە بەهێزەکانی کەنەدا، سویسراو بەلجیکا پراکتیزەکردنی هاوبەشی دەسەڵات لە حکومەتە فیدراڵیەکانیاندا هەبووە کە پسپۆڕانی سیاسی پێی دەڵێن (کۆنسۆشیاشناڵ) Consociational، تەنفیزکردنی دابەشکردنی دەسەڵات لەناو کۆمەڵگاکاندا، نوێنەرایەتی کردنی گروپەکان لە هەموو کەرتەکانی دەوڵەت (پۆلیس و سەربازی و دادگایی) و مافی ڤیتۆی فەرمی و نافەرمی کەمینیەکان سەرۆکایەتی گشتی (کۆکراوەیی) لەوانە دەسەڵاتی هەبێ بۆ سێتی کاروبارەکانی پێش هەموو شتێ کاروباری بەرگری، دەرەوە، بەڕێوەبردنی دارایی فیدراڵی و ئەرکەکانی سەرۆکی دەوڵەت لەوانە دابەش بکرێت و بسوڕێتەوە لەنێوانیاندا.

شتێکی زۆر چاکە داوای سەرۆکایەتی بەکۆمەڵ (بەهاوبەش) بۆ دانانی وەزیرەکانی پارتەکانی بەگوێرەی هێزیان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی فیدراڵ، بەهۆی بەکارهێنانی یاسای دی هۆندت بۆ دابەش کردن و دیارکردنی وەزارەتەکان، ئەمەش دەبێتە دڵنیایی کردنی دەسەڵاتی تەنفیزی گشتی و بەشەکان، لادانی پێویستی بۆ ڕێکەوتنی نەخشەکێشراو لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان لە حکومەتە هاوپەیمانەکان. لەژێر ئەم نموونەیە گەورەترین پارت دەسەڵاتی و تەمویل بەدەست دێنێت. لە ئیختیاری یەکەم وەزارەت دانان، دووەم پارتی گەورە ئیختیاری دووەم، هتد، رای کردنەکان بۆ دڵنیایی کەوا بیروکراتە فیدراڵیەکان، هێزی سەربازی، هێزی پۆلیس و دادگاکان نوێنەرە جۆراوجۆرەکانی عێراق، دەبێتە پێکەوەنان و جێگیرکردنی گونجان و تەسویەی پێویستی سیاسی.

سێیەم، مەرجەکانی دەرەوە بۆ سەرکەوتنی فیدراڵی لە عێراق زەحمەت نین.

سێیەم، داڕێژتن و دیارکردنی مەرجەکانی دەرەکی بۆ سەرکەوتنی فیدراڵی لە عێراق،

زەحمەت نییە، تورکیا، سوریا، ئێران و سعودیە دەبێ دووربێ و لە دەرەوەی ناوچەکانی دراوسێیەکەیان بن و، دوورکەونەوە، لە سانسۆرکردن و سەرپەرشتی کردنی ڕێکخراوە نیمچە سەربازی بەهەر جۆرێک بێت.

چوارەم، و پێنجەم، مەرجەکانی درێژخایەنی سەرکەوتن لە فیدرالّی فرەنەتەوەیی، بەدیموکراسی کردن و گەشەسەندنی ئابوری ناتواندرێ لە پێشدا مسۆگەر بکرێت، بەڵام هیچ شتێک نییە لە کەلتوورەکان و بەهرەمەندەکانیەکان عێراق زەروور بێت بۆ دوورکەوتنەوە لێیان رای من ئەوەیە کە لێرە درێژەی پێنادەم، کە ئەنجوومەنی نوێنەرایەنی پەرلەمانی فیدرالّی دەبێ هەڵبژێردرابێ بەنوێنەرایەتی کردنی لیستی پارتەکان، هەر هەرێمێک چەند دەنگی دانیشتوان مسۆگەر بکات بەقەد ئەوە ئەندامی لە پەرلەمان هەبێ و، دەبێ ئەنجومەنی پیران (الأعیان) هەڵبژێردرابێ بە تاکە دەنگی گوازراوە، هەر هەرێمێک بیستی سیناتۆر لەسەر ئەساسی پارتی هەڵدەبژێرێت. رای من ئەوەیە کە بەرەمزی گونجاو دەبێ بۆ دابەشکردنی سەرۆکی دائیرەکانی (دەزگاکانی) دەسەڵاتی تەنفیزی، دەسەڵاتی تەشریعی و دادگاکان لە هەرێمی جیاجیادا، و هەروەها هەموو دامودەزگاکانی دیکەی وەزارەتەکانی حکومەتی فیدرالّی بەهەمان شێوەی پێشوو بێت. ئەوەی من جەختی لەسەر دەکەمەوە، ئەگەری فیدرالّیەکی دیموکراسییە لە عێراق، بەڵام ئەگەر و تەنها ئەگەر فیدرالّی داهاتووی عێراق دوو نەتەوەیی، فرە نەژادی، فرە ئایین و فرە هەرێمی بێت. دوو نەتەوەیی، لەبەرئەوەی دوو کۆمەڵگا بەنەتەوەیی، لەبەرئەوەی دوو کۆمەڵگای بە نەتەوەیی بەربڵاوو بەزمان لێک جیاو دیار نەدانیشی کورد و عەرەب، فرە نەژاد، لەبەرئەوەی رێژەیەکی کۆمەڵگای نەژادی دیکە هەن لەوانە تورکمان و، ئەوانی دیکە. فرە ئایینی بۆ کۆنترۆڵکردن و رێکخستنی دابەش بوونی شیعەو سوننە، دابەش بوونی ناوەخۆییان و، ئایینە غەیرە ئیسلامەکان، هەروەها ئەوانەی ئایینیان نییە. ئەمە بڕیار و رای خۆمە، کە ئەمە دەخوازێ

پێکهاتەی هاوبەش و گشتی بن لە یاسای کەسێتی، و جیاواز بوونی لە دەوڵەت. لەهەر ئایینێکی دیار، هەرچەندە نابێ ئاستەنگ بێت بۆ دەستور لە دانپێدانی بە ئیسلام وەک ئایینی گەورەو سەرەکی بۆ خەڵکانی عێراق.

دابینکردنی بەشە خەرجی هەرێمایەتی بۆ پەروەردە، لەوانەیە سەرچاوەی زۆر ناکۆکی و ململانێی ئایینی چارەسەر بکات.

بەڵام مادەمەوێ لەسەر مەسەلەی سەرکەوتنی سروشتی فیدراڵی فرە نەتەوەیی، هەندێ راڤە بخەمەڕوو.

دەبێ ژمارەی یەکەکانی فیدراڵی عێراق چ بێت ئەمە بێگومان دەوەستێتە سەرخەڵکانی عێراق و خەڵکانی دانوستاندنی بۆ ئەنجام دەدەن، بەڵام سێ هەرێمی دیارو بەرچاوو دەبێ هەبن لەسەر ئەساسی لۆژیکی وتوێژەکانی بەرەو پێش چووەکان؛ کوردستان و بەلایەنی کەم یەک هەرێم بۆ سوننە جێگیرەکانی ئەم ناوچەیە ئەمانە دوو هەرێمی یەکەم بوون. بەغدای گەورە کە پێنج یەکی ژمارەی دانیشتوانی عێراق تێدا دەژین، دەبێ هەرێمێک پێک بهێنێت هەروەها زۆر گەورەیە کە دەبێتە شتێکی بەرچاوی نادیموکراسی بەهەبوونی کەموکوڕی و ئاستەنگێکی سیاسی فەرزکرابێ بەسەریدا (بەسەر ئەو هەرێمەدا) وەک حاڵەتی واشنتۆن دی سی ئەوەی دەنگدانی نییە چ ئەنجومەنی نوێنەران و چ لە ئەنجومەنی پیران (سیناتۆرەکان) ئەمە بەدوای دادەچێت ئەگەر بەغدا زۆر گەورە نەبێ لە پەیوەندی بۆ پێکهاتەکانی دیکەی فیودالسی، بۆیە دەسەلاتێکی زۆر دەگرێتە دەست، ئەگەر هەرێمەکان وەک یەک یەکسان بن لە ژمارەی دانیشتوان، ئەوا فیدراڵی عێراق دەبێ پێنج هەرێمی هەبێت بەدووبارە رێکخستنەوە و چاککردنەوەی باشوور رۆژئاوا و بەغدا بۆ سێ هەرێم، هەموو هەرێمەکان (پێنج هەرێمەکان) فیوداڵیەتێکی سەرۆکایەتی هاوبەش دروست دەکەن بەبێ ئەوەی کە هەر کۆمەڵگایەک دەبێ وەک یەک بلۆک یان بلۆکی پارتەکان رێکخرابێت

فـیـدراڵی دوو یەکـەیی و سێ یەکـەیی کـاروچالاکی و کـردارەکـان باش نابێت و ئەمـەش هۆکارێکی دیکەیە بۆچی فیدراڵی پێنج یەکەیی پەسەند و باشە کەنەدا بەهەمان ژمارەی دانیشتوانی عێراق فیدراڵیەتێکی دەیەکەیی هەیە و، هەروەها ئوسترالیاش بەهەمان شێوە، ژمارەی دانیشتوانی بەقەد ژمارەی دانیشتوانی عێراقە، فیدراڵیەتێکی شەش یەکەیی هەیە، هەردوو کەنەداو ئوسترالیایەکەی بچووکیشیان هەیە وەک تاسمانیاو دوورگەی میر ئێدوارد. بێگومان هیچ شتێک نابێ ببێتە ئاستەنگ و رێگەگری هەر یەک لە پێنج هەرێمەکە لە هەبوونی شکۆمەندی ناوخۆیی فراوان. ئەم جۆرە دارشتن و دیزاینەی هەرێمایەتی، یەکێکە کە بەئاسانی بەڕێوە دەڕوات.

## بیرۆکەی فیدرەسی

لە کۆتاییدا، رێگەم پێ بدەن مەسەلەیەکی گرنگی تایبەت بۆ کورد «بیرۆکەی فیدرەس» بەرز بکەمەوەو ببخەمەڕوو، زۆربەی کورد بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ پابەندی عێراقێکی کۆنفیدراڵی یان فیدراڵی بووینە. کورد بەیەکسانی دابونەریتێکی درێژخایەنیان هەیە بۆ هەوڵدانی و بەدەست هێنانی ئۆتۆنۆمی و، رێکخستن و رێورەسمی ئۆتۆنۆمیان هەیە چ هەرێمایەتی بێ یان کەلتوری کە خیانەتیان لەگەڵ کراوە لەلایەن حکومەتەکانی بەغدا (یان لەندەن یان پایتەختەکان دیکەی جیهان). بێگومان کورد فیدراڵی ناسەپێنێ بەسەر شەریکەکانی دانوستاندنەکەی چاوەڕوانکراو. کورد دانوستاندن تەنها لەگەڵ ئەوانە دەکەن کە لەگەڵیاندا رێکدەکەون و پێکدێن لەگەڵ ئەمەشدا، کورد سێ پێشینەی سیاسی یان هەیە:

١- بەرزکردنەوەو بەهێزکردنی عێراقی فیدراڵی دوو نەتەوەیی، فرە نەژادی، فرە ئایینی و فرە هەرێمی، و کوردستان یەکەیەک بێت تیایدا، ئەم یەکەیە دامودەزگا

دیموکراسییەکانیان بەهێزترو فراوانتر بکەن و بەرەو پێشی ببەن، مافە کەلتوورییەکانی تورکمانەکان دابین دەکات ئەو مافانەی تورک بۆ کورد دابین کردوون لە تورکیا. کورد هەوڵدەدا و کاردەکات کە کوردستان هەمووی هەرێمێکی عێراق فیدراڵە، هەوڵدەدا بۆ دابەشکردن و هاوبەشی دەسەڵات لە حکومەت و دابینکردنی هەموو مافەکان بۆ کورد کە لە دەرەوەی کوردستان دەژین.

٢- کورد پێشینەی سیاسی (اولویە سیاسیە) هەیە بۆ پێداگرتن و سوربوون لەسەر ئەوەی هەر دانوستاندنێکی دەستوور دەبێ لەلایەن خەڵکی کوردستان و پارچەکانی دیکەی عێراق پەسەند بکرێت و رازیبن لەسەری.

٣- پێ داگرتن و سوربوون لەسەر میکانیزمێکی دیفۆڵت کە کوردستان دەپارێزێ لەسەرپێچی و کەموکورتی هەر دەستورێکی نوێی عێراق.

بەڵام ئەگەر لایەن و پارچەکانی دیکەی عێراق رازی نەبوون و رێکەوتنی دوو لایەنەیان پەسند نەکردو و فیدراڵی دوونەتەوەیی و فرە هەرێمیان رەتکردەوە، ئەوا کورد دەبێ چاو بەئیختیارەکانیدا بخشێنێتەوەو بیریان لێبکاتەوە.

یەک ئیختیار بۆ کورد دەبێ ئەویش پێداگرتن و سووربوون لەسەر رێکەوتن و گەیشتن بە فیدرەسی کورد دەتوانێ بڵێت کەوا رازین یەکگرتوویی بەپارچەکان و لایەنەکانی دیکەی عێراق، یان کورد دەبێ فیدراڵی نەتەوەیی مەرکەزی ستایلی (شێوازی) ئەمەریکی هەڵبژێرێت، بەوەی کە کورد خۆیان فیدرەسیان هەبێ، فیدرەسی بریتییە لەرێکەوتنێکی فیدراڵی کە بەشێک نییە لە سیستەمی حکومەتی فیدراڵیەت؛ ئەم فیدرەسیە نیمچە سەروەرییەکی هەرێمی دروست دەکا کە دامودەزگاکان و توانای سەرچاوە داراییەکانی دەستووری جیاوازی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی دەوڵەت؛ هەروەها دابەشکردنی دەسەڵات دروست دەکات لە نێوان فیدرەسی حکومەتی مەرکەزی، ئەمەش هیچ لایەنێک بەتەنیا

ناتوانێ بیگۆڕێت. فیدەرسی ئۆتۆنۆمییەو دیڤۆلوشن نییە (واتە گواستنەوەی دەسەڵات و هێز لە حکومەتی مەرکەزی بۆ ئیدارەی هەرێمێک نییە)، هەڵوەشاندنەوەی نییە لەلایەن حکومەتی مەرکەزی، کەچی فیدرەسی بریتییە لە دروستکراوێکی دەستووری ناوخۆی مەتین و نەگۆڕ تاوەکو فیدرەس ڤیتۆ بەکاربێنێ بەرامبەر هەر گۆڕانکارییەک لە حاڵەت و مەکانەتی یان لە دەسەڵاتیدا، هەروەها بەتەواوەتی حاڵەت و دەسەڵاتی پارێزراون بەپەیمان و رێکەوتنی نێودەوڵەتی بەکورتی، کاتێک کورد مافی ئەوەی نییە فیدراڵی بەسەر پارچەکانی دیکەی عێراق بسەپێنێ، بەڵام مافی تەواویان هەیە کە پێدابگرن و سوربن لەسەر فیدرەسی Federacy بۆ کوردستان وەک ئالیەتێک کە بەهۆیەوە دەتوانێ مومارەسەی بڕیاردانی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوایەتی بکەن.

لەم سیناریۆیەدا، کورد لەوانەیە کەمتر هەوڵبدەن و داوای رێوڕەسمەکانی دەسەڵاتی هاوبەش لە حکومەتی مەرکەزیدا بکەن، بەتایبەتی لەکاروباری دەرەوەدا، کەچی زیاتر هەوڵدەدەن بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و مافە کەلتوورییە کوردییەکان لە دەرەوەی کوردستان.

بەرپرسی بەڕێوەبردنی هێزەکانی هاوپەیمانان لەعێراق گوتی نووسینەوەی دەستوری نوێی عێراق دەبێتە هەنگاوی چوارەمی گەڕاندنەوەی سەروەری بۆ عێراق.

هەروەها ئەوەشی روونکردەوە کە ئەنجامدانی نووسینەوەی دەستووری نوێی عێراق بەچەند رۆژێک یان بەچەند هەفتەیەک تەواو نابێت، بەڵکو پێویستی بەکاتێکی تەواو هەیە تاکو نووسینەوەی تەواوبکرێت ئێمە چاوەڕوانی کۆمیتەی باڵای نووسینەوەی دەستوور دەکەین.

*** برێندان ئۆولێری پرۆفیسۆری زانستە رامیاریەکان بەڕێوەبەری سەنتەری سەلۆمۆن ئاش بۆ توێژینەوەی ململانێی رامیاری نەژادی.**